المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 226-243
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# سیاسەتی دەوڵەتی پەهلەویی دووەم لە هەمبەر میدیای کوردی

## ڕۆژنامەی (کۆهستان) و (ڕادیۆی تاران- بەشی کوردی) وەك نمونە

کارزان محەمەد ئەحمەد

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Email: karzan.ahmed@spu.edu.iq

**پوختە:**

هەڵسەنگاندنی ئاراستە و ڕەوشی میدیای کوردی کە ناوەندی چاپوپەخشیان لە دەرەوەی سنوری کوردستان و بەتایبەتی لە پایەختی وڵاتانیتردا بووە، بەپشتبەستن بە دیکۆمێنت و بەڵگەنامە نهێنییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بووژاندنەوەی ئەرشیفی نەتەوەیی و هەڵسەنگاندنی ئاراستەی میدیا و نرخاندنی هەوڵ و کۆششی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە تاراوگە.

ئەم توێژینەوەیە (ڕەوشی میدیای کوردی لە سەردەمی پەهلەویی دووەم لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکاندا) بەپشتبەستن بە میتۆدی دیکۆمێنتاری، تاوتوێی قۆناغێکی گرنگی میدیای کوردی لە (تاران)ی پایتەختی ئێران لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی تا ساڵی (1951ز)دا کردووە، بەئامانجی بنکۆڵکاری و تیشك خستنەسەر قۆناغێکی مێژوویی میدیای کوردی (ڕۆژنامە، ڕادیۆ) لە دەرەوەی کوردستان.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە دەروازەیەکی گشتی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم شرۆڤەیەکی تیۆری و دیکۆمێنتارییە دەربارەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی-فارسی (کوهستان) کە لە شاری (تاران)ی پایتەختی ئێران لەماوەی حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا بڵاوبۆتەوە. بەشی دووەم تایبەتە بە تاوتوێی دامەزراندنی یەکەمین رادیۆی کوردی لە شاری (تاران) لەبەر ڕۆشنایی دیکۆمێنتەکاندا.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە و دەقی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** میدیای کوردی، دیکۆمێنتی نهێنی، حکومڕانی پەهلەویی دووەم

**الملخص:**

ان تقييم توجه مسيرة الاعلام الكردي الذي كان مركز طبعه و نشره في خارج حدود كردستان، ولاسيما أن مكان في عواصم البلدان الآخري يلعب دورا في بعث الآرشيف القومي و تقييم اتجاه الاعلام و تثمين جهود و محاولات الكتاب و الصحفيين الكرد في المهجر.

هذا البحث (مسيرة الاعلام الكردي خلال العهد البهلوي الثاني في ضوء الوثائق) و بالاستناد علي النظرية الوثائقية، تناول دراسة مرحلة مهمة للاعلام الكردي في (طهران) عاصمة ايران خلال الحرب العالمية الثانية و مابعدها الي سنة (1951م)، وذلك بهدف دراسة و القاء الضوء على مرحلة تأريخية هامة للاعلام الكردي (الصحف، الاذاعة) في خارج (كردستان).

محتوى البحث تكون من مدخل عام و قسمين اساسيين: القسم الآول: عبارة عن شرح نظري وثيقي من اول صحيفة كردية-فارسية بأسم (كوهستان) التي كانت تصدر في مدينة طهران -عاصمة ايران- ايام حكم البهلوي الثاني.

والقسم الثاني: يتناول تأسيس اول اذاعة كردية في مدينة طهران في ضوء الوثائق المتاحة. وفي ختام البحث عرضت مجموعة من النتائج و التوصيات و نصوص من الوثائق و الآدلة.

**المفاهيم الرئيسية للبحث:** الآعلام الكردي، الوثائق السرية، حكم البهلوي الثاني.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

Evaluation of the direction and status of the Kurdish media, which publishing centers were outside the countries of Kurdistan, especially in the capitals of other countries, based on secret documents, play an important role in reviving the national archive and re-evaluating the media direction and the efforts of Kurdish writers and journalists in exile. This research (the status of the Kurdish media in the second Pahlavi era according to the documents) depends on the documentary method to study an important stage of the Kurdish media in (Tehran), the capital of Iran during World War II and up to the year (1951) with the aim of excavating and shedding light on a historical stage of the Kurdish media (newspapers, radios) outside Kurdistan.

The content of the research is a general introduction and two main sections: The first section deals with a theoretical and documentary explanation about the first Kurdish/Persian newspaper, that is, Kohistan newspaper, which was published in Tehran, the capital of Iran during the second period of Pahlavi rule. The second section deals with the establishment of the first Kurdish radio station in Tehran in light of the available documents. At the end of the research, there are results, recommendations and texts of documents.

**Keywords:** Kurdish Media, Secret Document, The Second Era of Pahlavi Rule

**پێشەکی**

میدیای کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە (چاپکراو، بیستراو، بینراو) لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، قۆناغ و مۆدیلی جیاوازی لەڕووی ستراتیژەوە بەخۆوە بینیووە، شەنوکەوکردنی هەر قۆناغێکی میدیای کوردی، پێویستی بەدیکۆمێنت و داتا هەیە بەئامانجی ساغکردنەوەی خاوەندارێتی و ئاراستەی پەیامەکانی، بەتایبەتی ئەو ناوەندە میدیا کوردییانەی لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستاندا دامەزرێنراون.

ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو، تیشکی خستۆتەسەر قۆناغێکی مێژوویی و گرنگی میدیای کوردی لە ماوەی دەیەی یەکەمی حکومڕانی پەهلەوی لە ئێران لە ساڵانی (1941-1951ز)دا. لەم قۆناغەدا کە سەروبەندی چەندین گۆڕانکاری مەزنی وەك دامەزراندن و ڕووخاندنی کۆماری کوردستانە (1946-1947ز)، میدیای کوردی لە دەرەوەی جیۆگرافیای کوردستان و بە فۆرمێکی جیاواز و بۆیەکەمینجار لە شاری (تاران)ی پایتەختی ئێران دێتەئارا، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی-فارسی (ڕۆژنامەی کوهستان)و یەکەمین ئەزموونی ڕادیۆی کوردی لە شاری تاران، وەك دوو سامپڵی توێژینەوەکەمان لە بواری میدیای چاپکراو و بیستراودا بە نمونە وەرگرتووە.

هەروەها لەسەر بنەمای میتۆدی دیکۆمێنتاری، تاوتوێی کۆمەڵێك بەڵگەنامەی فەرمی و باوەڕپێکراومان کردووە، لەڕووی شێوازی مۆڵەتبەخشین و ئامانجی دامەزراندن و ئاراستەی کارکردنی ئەو دوو میدیا کوردییە، ئەمەش بۆ ڕۆشنکردنەوەی قۆناغێکی گرنگی مێژووی میدیای کوردی لە دەرەوەی کوردستان زۆر جێگەی بایەخە.

لەم پێناوەدا توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و شرۆڤەیەکی زانستییانەی یەکەمین ئەزموونی میدیای کوردی لە شاری تاران، لە دەروازەیەکی گشتی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

لە سەرەتادا وەك چوارچێوەیەکی گشتی ئەم لایەنانەی گرتۆتەخۆ: پێناسی چەمکە سەرەکییەکان، بایەخ و گرنگی و پرسیارەکانی توێژینەوەکە، ئاستەنگ و لەمپەرەکان، گریمانە و ئامانج، میتۆد، سنوری جیۆگرافی.

بەشی یەکەم شرۆڤەیەکی بنکۆڵکاری و دیکۆمێنتارییە دەربارەی یەکەمین رۆژنامەی کوردی-فارسی (کوهستان) کە لە شاری (تاران)ی پایتەختی ئێران لەماوەی حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا بڵاوبۆتەوە، بەپێی بەڵگەنامەکان ئاراستەیەکی دژ بەسیاسەتی داگیرکاریی پەهلەویی هەبووە، بەو هۆیەوە دووچاری سزادانیش بۆتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەشی دووەم تاوتوێی دامەزراندنی یەکەمین ڕادیۆی کوردی لە شاری (تاران) لەبەر ڕۆشنایی دیکۆمێنتەکاندا، بەساغکردنەوەی بەڵگەنامەکانیش دەردەکەوێت کە بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی (کوهستان)، بۆ خزمەتی دەسەڵاتی شاهەنشاهی و سیستەمی پەهلەویی بووە.

لە دەرەنجامیشدا، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە تاوتوێی دیکۆمێنتەکان توانیویەتی ئامانجەکان بهێنێتەدی، دیارترینیان پشتڕاستکردنەوەی پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی پەهلەوییە لە دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی تا ببێتە زمانحاڵێك بۆ سیاسەتەکانی لەناو گەلی کورد، لەهەمانکاتدا دیکۆمێنتەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕۆژنامەی (کوهستان)، بەشێوازێکی سەربەخۆ و دوور لە پشتیوانی دەوڵەتی پەهلەویی و لەپێناو ئاراستەیەکی ڕاستەقینەی خزمەت بەدۆزی کورد دەرچووە.

**میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**- گرنگی توێژینەوەکە:**

یەکلاکردنەوەی یەکەمین ئەزموونی میدیای کوردی (چاپکراو، بیستراو) لە شاری (تاران)ی پایتەختی ئێران، بەپشتبەستن بە دیکۆمێنتە فەرمی و باوەڕپێکراوەکان، گرنگییەکی زۆری بۆ ڕۆشنکردنەوەی قۆناغێکی هەستیاری میدیای کوردی هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی یەکەمی حکومڕانی پەهلەویی دووەم لە ساڵانی (1941-1951ز)دا. ئەمەش بەیەکەمین توێژینەوە دادەنرێت بۆ ساغکردنەوەی دوو ئاراستەی جیاواز لە مێژووی میدیای کوردیدا لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا.

هەروەها بایەخێکیتری توێژینەوەکە، شرۆڤەی کۆمەڵێك دیکۆمێنت و داتایە کە یەکەمینجارە بەزمانی کوردی دەخرێنەڕوو.

**-کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئاراستەی یەکەمین ئەزموونی میدیای کوردی لە شاری تاران، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم ڕۆژنامە و ڕادیۆمان وەرگرتووە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات بەپێی دیکۆمێنت، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1- دەوڵەتی پەهلەوی، چۆن چاودێری یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوهستان)ی لە شاری تاران کردووە؟.
2- ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتی پەهلەویی لە کردنەوەی ڕادیۆی کوردی-تاران چی بووە؟
3- دیکۆمێنتەکان تاچەند تیشك دەخەنەسەر ستاف و وردەکاریی ڕادیۆی کوردی لە شاری تاران؟
4- بەپێی دیکۆمێنتەکان، دەوڵەتی پەهلەوی چۆن مامەڵەی لەگەڵ میدیای کوردی (ڕۆژنامە، ڕادیۆ)دا کردووە؟.

توێژەر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان لە چوارچێوەی ئامانجەکاندا بخاتەڕوو.

**- ئامانجەکانی توێژینەوە:**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە، شرۆڤە و تاوتوێی دۆخی میدیای کوردییە (چاپکراو، بیستراو) لە دەیەی یەکەمی حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا (1941-1951ز) لە شاری (تاران).

هەروەها هەڵسەنگاندنی مامەڵەی دەسەڵاتدارانی پەهلەویی لەگەڵ میدیای کوردی لەڕێگەی دیکۆمێنتەوە، بەئامانجی دیاریکردنی ئاراستەی ڕاستەقینەی هەردوو مۆدێلی میدیای کوردی کە بە سامپڵ وەرگیراون.

**- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوەکە جۆرییە و بەپشتبەستن بەڕێبازی دیکۆمێنتاری، بابەتی سەرەکی شرۆڤە کردووە.

مەبەست لەم میتۆدە "توێژەر سەرجەم داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکەی خۆی کە دەربارەی ڕووداو و دیاردەکانی کۆمەڵگایە، لەدووتوێی سەرچاوە و دیکۆمێنتەوە کۆدەکاتەوە، چونکە ئەم میتۆدە دەتوانێ تەکنیکی پێویست بۆ تاوتوێی پێشینەی توێژینەوە بخاتەبەردەست" (Stewart, D & M. Kamis, 1984, P11).

توێژەر بەپشتبەستن بە دیکۆمێنت و داتای باوەڕپێکراو، هەوڵیداوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە میتۆدی دیکۆمێنتاری بهێنێتەدی.

کۆمەڵگای ئاماریی توێژینەوەکە، ماوەی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوهستان-1945ز) و ساڵی یەکەمی پەخشی ڕادیۆی کوردییە لە ساڵی (1950ز)دا، ناوەندی سەرەکی هەردوو سامپڵەکەش شاری (تاران)ە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**- ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

دیارترین ئاستەنگ، گەڕان و دەستخستنی دیکۆمێنتی فەرمی و متمانەپێکراو بوو سەبارەت بە یەکەمین ئەزموونی میدیای بینراو و بیستراوی کوردی لە شاری تاران.

**- پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەگشتی لە چوارچێوەیەکی تیۆری و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشە سەرەکییەکانیش تەرخانکراون بۆ میدیای چاپکراو (ڕۆژنامەی کوهستان) و میدیای بیستراو (ڕادیۆی کوردی لە تاران). لە کۆتایدا ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە و پاشان سەرچاوە و دیکۆمێنتەکان خراونەتەڕوو.

**- چەمکە سەرەکییەکان:**

**دۆکیۆمێنت (Document):** بریتیە لە دەقێکی نوسراو یا تۆمارکراو کە بەشێك لە ڕووداوێك یا واقیعێك لەخۆدەگرێت و بە بەرهەمێکی ستانداردیش دادەنرێت. بایەخی میتۆدی دیکۆمێنتاریش، بە هاوشێوەی شرۆڤە و تێرامانە وردەکانی دادوەر لە دادگادا دادەنرێت (فلیك و دیگران، 2004، ص 284).

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك دیکۆمێنتی فەرمی و نهێنی و باوەڕپێکراو لەبارەی هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە شرۆڤە کراون.

**ڕۆژنامەی (کوهستان):** خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرەکەی (د.ئیسماعیل ئەردەلان)ە، یەکەمین ژمارەی ڕۆژی (17ی ئیسفەندی 1323هـ.ش، ) چاپ و بەقەبارەی (8) لاپەرە و لە شاری تاران بە زمانی فارسی و کوردی (84) ژمارەی لێدەرچووە.

**ڕادیۆی کوردی لە تاران:** سەرەتا بەشی کوردی لە ڕادیۆی تاران لە ڕۆژی (4ی ئەزەری 1325هـ.ش، 25ی تشرینی دووەمی 1946)دا کرایەوە، پاشان گەشەی پێدرا.

دوای (14) ساڵ لە دامەزراندنی، ڕادیۆکە بۆ شاری کرماشان گوێزرایەوە.

**حکومڕانی پەهلەویی دووەم:** قۆناغی دووەمی حکومڕانی پەهلەوییەکانە کە ماوەی دوای لابردنی (ڕەزا شا) و دانانی (محەمە ڕەزاشا)ی کوڕی دەگرێتەوە، بەتایبەتی ساڵانی (1320-1332هـ.ش، 1941ز-1953ز).

**- توێژینەوەکانی پێشوو:**

تائێستا توێژینەوەیەکی کەم دەربارەی سەرەتای لەدایکبوونی میدیای کوردی لە دەرەوەی سنوری کوردستان (بۆ نمونە میدیای کوردی لە شاری تاران) ئەنجام دراون، فاکتەرەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی سەرچاوە و دیکۆمێنت.
کۆمەڵێك توێژینەوەی هاوشێوە هەن کە سودیان لێوەرگیراوە:

- **ئارش ئەمجەدی:** کورتەمێژوویەکی ڕادیۆی کوردی لە ئێران لە سەرەتاوە تا سەردەمی ئینقلابی ئیسلامی. نامەیەکی ماستەرە و ساڵی (2015ز) پێشکەش بە کۆلیژی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکانی زانکۆی تاران کراوە.
- **عینایەت سالاریان:** سانسۆری چاپەمەنی لە سەردەمی پەهلەویی دووەم (لەسەربنەمای بە دیکۆمێنت)، نامەیەکی ماستەرە کە ساڵی (2013ز) لە بەشی مێژووی زانکۆی ئازادی ئیسلامی تاوتوێ کراوە، تیایدا کۆمەڵێك دیکۆمێنتی گرنگی لەسەر ڕۆژنامەگەریی لەو قۆناغەدا خستۆتەڕوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**بەشی یەکەم: سیاسەتی میدیایی پەهلەویی دووەم و لەهەمبەر میدیای کوردی**

**سەرەتا: هەلومەرجی نوێی ئێران و ڕەوشی میدیا**

جەنگی دووەمی جیهان بە پەلاماری ئەڵمانیا بۆسەر مەجەر و داگیرکردنی لە (1ی ئەیلولی 1939ز)دا دەستی پێکرد، هاوکات هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا لە (3ی ئەیلول)دا بەفەرمی جەنگیان دژ بە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، بەمەش ئاگری شەڕێکی وێرانکەر زۆرینەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە. دەوڵەتی ئێران بێلایەنی خۆی لەو جەنگەدا دەربڕی.

بە بڕوای (پۆلارد)ی باڵیۆزی بەریتانیا لە ئێران: بوونی ئەڵمانییەکان لە ئێران بە مەترسیدار دادەنرا، (ڕەزا شای ئێران) هەڕەشەکانی هاوپەیمانان (بەریتانیا و سۆڤییەت) سەبارەت بە وەدەرنانی ئەڵمانییەکان بە مەسەلەیەکی گرنگ وەرناگرێت، بەردەوام جەختی کردۆتەوە کە ژمارەیان کەمە و کۆنترۆڵ کراون (Bullard, 1961, P 221-222)

بەهۆی دواکەوتنی (شای ئێران) لە وەدەرنانی ئەڵمانییەکان، هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و سۆڤییەت بۆ نەهێشتنی هەژموونی ئەڵمانیا، گەیشتنە ئەو باوەڕەی بەخێرایی بێنە گۆڕەپانەکەوە. بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی و بۆ ڕێگری لە کاریگەریی ئەڵمانیا لە ئێران، ڕۆژی (3ی شەهریوەری 1320هـ.ش، 25ی ئابی 1941ز) لە هەڵمەتێکدا دەستی بەسەر خاکی ئێراندا گرت. (ڕەزا شا) لە ماوەیەکی کورتدا خۆبەدەستەوەدانی ڕاگەیاند. (Iran political Diaries, 1997, Vol 11, P 387)

پەلاماری دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ داگیرکردنی ئێران لە (3ی شەهریوەری 1320هـ.ش، ، 25ی ئابی 1941ز)و دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی باشور و باکوری ئێران و هەڵاتنی (ڕەزا شای پەهلەوی) بۆ دەرەوەی وڵات، دەرفەتێکی نوێی بۆ کاری میدیایی لە سەرتاسەری ئێراندا ڕەخساند. لەو هەلومەرجەدا (محەمەد ڕەزا شا)[1] جێگەی دەسەڵاتی باوکی گرتەوە، بەهۆی لاوازیی شای نوێی ئێران لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ئێران، بواری ڕۆژنامەگەریی گەرموگوڕ ببوو، نزیکەی (743) ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەکرانەوە (قویدل، 1390، ص2-3).

ڕەهەندێکی گرنگی سیاسەتی سەردەمی پەهلەویی دووەم، کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بوو لە ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش بەسەرپەرشتی خودی (محەمەد ڕەزا شا) و بەپشتیوانی دەزگای هەواڵگریی (ساواك)، هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری بۆ پشتیوانی لە حکومڕانییەکەی بڵاوکردەوە، ڕۆژی (5ی بەهمەنی 1320هـ.ش، 25ی کانوونی دووەمی 1942ز) لە هەژدەهەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورای میللی (خولی سیانزدەهەم)، پرۆژەیاسایەکی بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای چاپەمەنی پێشکەش کرد، لە ماددەی یەکەمدا سانسۆری توندی خستەسەر ڕۆژنامەگەریی. هەروەها ڕۆژنامەکان دووچاری کەمبوونەوەی کاغەز بوونەوە، لە کۆتایی ئەو ساڵەدا زۆربەی بڵاوکراوەکان ڕاوەستان، یاخود ژمارەی لاپەرەکانیان کەم کردەوە (کوهستانی نژاد، 1371، ص 43).

هەر لەپێناو سەرخستنی ئەو سیاسەتەی شای ئێران بۆ دەمکوتی میدیا، (قەوامولسەڵتەنە)[2] لە ساڵی (1321هـ.ش، 1942ز)دا، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری داخست و چەند ڕۆژنامەیەکی حکومی بڵاوکردەوە، بەڵام زۆری نەخایاند سێبەری ئەو لێدانەی لە بواری ڕۆژنامەگەری، تا کۆتایی ژیانی سیاسیشی هەر لەگەڵیدا مایەوە .

لە ماوەی دەیەی یەکەمی حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا، پۆلێنی میدیای کوردی بەپێی خاوەندارێتی و سیاسەتڕێژی لە سەرتاسەری ئێراندا بەم چەشنە بوو:

- **ئاراستەی دەسەڵات:** دەوڵەتی ئێران کۆمەڵێك میدیای جۆراوجۆری هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕایگشتی.

لە سەرەتای حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا، دیارترین نمونەش کە پەیوەندی بەگەلی کوردەوە هەبوو، دامەزراندنی بەشی کوردی لە ڕادیۆی تاران بوو.

---

[1]-محەمەد ڕەزا پەهلەوی (1919ز-1980ز) دووەمین و دواپاشای پەهلەوی بوو، دوای ئینقلابی (1979ز) بە ئاوارەیی لە شاری میسر کۆچی دوایی کرد.
[2]-ئەحمەد قەوام ناسراو بە قەوامولسەڵتەنە (1873-1955ز) بۆ ماوەی (5) پێنج جار سەرۆك وەزیرانی ئێران بووە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**- ئاراستەی خەباتی جەماوەری:** چەند ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی نیشتیمانپەروەر، بەپشتیوانی خوێنەران و داهاتی فرۆش، ڕۆژنامە و گۆڤاریان بۆ خزمەتی دۆزی کورد لەڕێگەی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرییەوە بڵاوکردۆتەوە. دیارترینیان ڕۆژنامەی (کۆهستان)ە.

**- ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن:** لەدوای دامەزراندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، ڕۆژنامە و گۆڤاری ئۆپۆزسیۆن لەهەمبەر دەسەڵاتی شای ئێران بڵاودەبۆوە. بۆ نمونە: (ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری نیشتیمان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری کوردستان) لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا. هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (اذربایجان)ی فیرقەی دیموکرات کە لە (باکۆ) چاپ کراوە و نێردراوە بۆ کوردستان. (کارزان محەمەد، 2021، لا 160-165)

لەم توێژینەوەیەشدا، شرۆڤەی هەردوو ئاراستەی یەکەم و دووەمی میدیای کوردیی لەبەر ڕۆشنایی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکاندا دەکەین.

**بەشی یەکەم: ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دیکۆمێنتە نهێنییەکاندا (ڕۆژنامەی کوهستان بەنمونە)**

**بەرایی:**

لە سەردەمی حکومڕانی قاجارەکان و لە ماوەی دەسەڵاتی (فەتحعەلی شا)دا (1219ه.ق-1804ز)، (عەباس میرزا) ی کوڕەگەورەی شای قاجار بەهاریکاری هەندێ ڕووناکبیر، بوونەمایەی ڕاچڵەکینێکی هزری لە ڕژێمەکەدا و گۆڕانکارییان لە ژیانی ئێرانییەکاندا خوڵقاند لەڕێگەی برەودان بە هونەر و زانست و پیشەسازی و هێنانی شارستانییەتی خۆرئاوا بۆ وڵاتەکە (جمشید کیان فر،1388، ص 273 ).

(عەباس میرزا)[3] گروپێکی (5) پێنج کەسی بۆ خوێندنی باڵا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەوروپا نارد کە یەکێکیان (میرزا ساڵح شیرازی) بوو ، دوای گەڕانەوەی بەرەو شاری (تاران) بانگهێشت کرا، لە ساڵی (1215هـ.ش، 253هـ.ق، 1837ز)دا، یەکەمین ڕۆژنامەی بەناوی (کاغذ اخبار) بە ڕووبەری (40سم، 24سم) بڵاوکردەوە، ئەمەش بەلەدایکبوونی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی دادەنرێت. (رسول اف، 1389، ص 28)

بزاوتی ڕۆژنامەگەریی فارسی و هەواڵی بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان-1898ز) لە قاهیرە، ڕۆڵی لەسەر هاتنەئارای ڕۆژنامەگەریی کوردستانیش هەبوو، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك فاکتەری وەك تاکرەویی پاشاکانی قاجار و سەپاندنی سانسۆری توند بەسەر ئازادی ڕادەربڕین و نزمی ئاستی خوێندەواری و برسێتی و شەڕوئاشوب، کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر دواخستنی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەرتاسەر ئێراندا بینی.

**هەنگاوە بەراییەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردستانی لە ئێراندا، دەشێ بۆ چەند جۆرێك پۆلێن بکرێن:**

**یەکەم:** ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕانی کورد کە لە سایەی ئازادیدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەڕووی تەکنیکی چاپەوە سادە و ساکارن. (وەك: ڕۆژنامەی کورد لەلایەن محەمەدی تورجانی زادە و لەسەر ڕاسپاردەی -سمکۆی شکاك- لە ساڵی 1921ز بڵاوکراوەتەوە).

**دووەم:** بزاوتی ڕووناکبیران لە شارەکانی کوردستاندا کە لە هەلومەرجی سەختی بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆژنامەیان بڵاودەکردەوە، پاشان بە فشاری سیاسی داخراون. (وەك: ڕۆژنامەی اتفاق لە ورمێ لە ساڵی 1910ز).

**سێیەم:** ڕۆژنامەگەریی یاسایی و فەرمی، هەرچەندە مۆڵەتیان نەدراوەتێ بە زمانی کوردی بنوسن، بەڵام لە کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە و بابەتەکانی پەیوەندیدارن بە دۆزی کورد. (وەك: ڕۆژنامەی بێستوون لەلایەن ئەبولقاسمی لاهوتی کرماشانی لە ساڵی 1907ز).

3- عەباس میرزا (1789ز، 1833ز)ی کوڕی فەتحعەلی شای قاجار ، چەندین پرۆژەی گرنگی لەماوەی دەسەڵاتداریتی خۆیدا بۆ خزمەتی وڵاتەکەی بەئەنجام گەیاند، دیارترینیان ناردنی چەند گەنجێك بوو بۆ خوێندن لە وڵاتانی ئەوروپا و هێنانی ڕاهێنەری سەربازی بوو لەو وڵاتانەوە بۆ مەشقی سەربازی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**چوارەم:** ڕۆژنامەگەریی نهێنی کە دەچێتە خانەی بڵاوکراوە و شەونامەوە، بەشێوەی دەستنوس و دوور لە چاوی پۆلیس کۆپی و پەخش کراون، لەباری ئایدۆلۆژییەوە لایەنگری ئازادیی و سەربەرستی بوون. (وەك: شەونامەی –تمدن- لەلایەن ئەبولبەقای سنەیی لە ساڵی 1907ز).

**پێنجەم:** هاتنی میسیۆنەرەکان بۆ کوردستان بەتایبەت بۆ دەڤەری ورمێ. هەنگاوێکی بەنرخی ئەم مسیۆنەرانە هێنانی چاپخانە و بڵاوکردنەوەی گۆڤارە بەناوی کوردستانەوە، (بۆ نمونە: گۆڤاری کوردستان مێشنێری لە ساڵی 1908ز). (محەمەد، 2021، لا 16-17)

لەم توێژینەوەیەدا ڕۆژنامەی (کوهستان) لەبەر ڕۆشنایی دیکۆمێنتە نهێنییەکان بە نمونە وەرگیراوە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرەکەی (د.ئیسماعیل ئەردەلان)ە، یەکەمین ژمارەی ڕۆژی (17ی ئیسفەندی 1323هـ.ش، ) چاپ و بەقەبارەی (8) لاپەرە و لە شاری تاران بە زمانی فارسی و کوردی بڵاوکراوەتەوە، بەگشتی (84) ژمارەی تا (12ی ئیسفەندی 1325ە,ش) لێدەرچووە. بایەخێکی توێژینەوەکە، یەکلاکردنەوە و ڕەواندنەوەی ئەو گومانەشە کە لەسەر ئاراستەی میدیاکانی سەردەمی پەهلەوی هەبوو، ئایا بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی دەوڵەتی پەهلەویی یاخود لەپێناو خزمەت بە کۆمەڵگای کوردەواریی دەرچووە؟. ئەم دیکۆمێنتە نهێنیانەی لێرەدا تاوتوێ دەکرێن، تیشك دەخاتەسەر ئاراستەی ڕاستەقینەی هەردوو جۆر سامپڵی توێژینەوەکە کە ڕۆژنامەی (کوهستان) و (ڕادیۆی کوردی لە تاران)ە.

**ئەم ڕۆژنامەیە لە (3) سێ ڕەهەندەوە شرۆڤەی دەکەین:**

**ا-شێوازی بەخشینی مۆڵەت بە (کۆهستان)**

سیستەمی مۆڵەت بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار لە ماوەی دەیەی یەکەمی حکومڕانی پەهلەویی دووەم لە ئێران، هەر بەپشتبەستن بە ماددەی دووەمی یاسای (14ی تیری 1317ە.ش، 5ی تەممووزی 1938ز) بوو کە کۆمەڵێك مەرجی داناوە بۆ بەخشینی مۆڵەت وەك: زانینی زمانی فارسی و زمانێکی بێگانە، ئاستی خوێندەواری، نەبوونی سزای تاوان.

ئەم یاسایە لە ڕۆژی (3ی دەی 1321ە.ش، 24ی کانوونی یەکەمی 1942) چەند چاکسازییەکی تێدا ئەنجام درا. (قاسمی: 1388، ص 41).

وێڕای ئەو یاسایە، حکومەتی پەهلەویی ئاستەنگی زۆری دەخستە بەردەم مۆڵەتبەخشین بە چاپەمەنی بەتایبەتی لە دواختنی مۆڵەت بۆ چاپ.

ڕۆژنامەی (کوهستان) کە خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرەکەی (د.ئیسماعیل ئەردەلان) بوو، بەقەبارەی (8) لاپەرە و لە شاری تاران بە زمانی فارسی (هەندێکجاریش بابەتی کوردی تێدایە)، داوای مۆڵەت لە وەزارەتی فەرهەنگی ئێران دەکات. (صالح، 2010، ص 3).

بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی لەبەردەست توێژەردایە، (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەبانی) کە ئەرکی دەزگای پۆلیس و چاودێریی کاروباری وڵاتی لەئەستۆدابوو، لە ڕۆژی (30 ئوردیبەهەشتی 1323، 20ی ئایاری 1944) داخوازیی (د.ئیسماعیل ئەردەلان) بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوهستان) پەسەند دەکات.

دەقی بەخشینی مۆڵەت بە ڕۆژنامەی (کوهستان) بەپێی دیکۆمێنتێکی بەردەست بەم چەشنەیە:

**وەزارەتی فەرهەنگ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی نووسین**
**ژمارە (8901/1630)**
**مێژوو: 30 ئوردیبەهەشتی 1323**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەبانی -بەپشتبەستن بەیاسای چاپەمەنی پەسەندکراوی ڕۆژی 3ی دەی 1321ی شورای باڵای فەرهەنگی- ئیمتیازی ڕۆژنامەی (کوهستان) بەناوی (د.ئیسماعیل ئەردەلان) پەسەند کرا کە بە ڕێبازێکی: سیاسی، کۆمەڵایەتی لە تاران بە سەرپەرشتی و سەرنوسەری خۆی بڵاودەبێتەوە. هەربۆیە لەم ڕێگایەوە ئاگادار دەکرێنەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**کەفیلی وەزارەتی فەرهەنگ: محەمەد وەحید**
**ڕۆنووس بۆ نوسینگەی سەرۆك وەزیران دەنێردرێت.**
**بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی فەرهەنگ (ئیمزای دکتۆر عەلی فەرهەمەندی) (روستایی و اسلامی، 1377، جلد چهارم، ص 778).**

سەبارەت بە دیکۆمێنتی پەیوەندیدار بەم مۆڵەتە، ئەوەی جێی تێرامانە و پێشبینی دەکرێت بەهۆی سانسۆری توندی پەهلەوییەوە بووبێ، ماوەی بەخشینی مۆڵەت تا بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوهستان) لە (17ی ئیسفەندی 1323هـ.ش، 8ی ئازاری 1945ز)دا، زیاتر لە (9) مانگ کاتی دەرچوونی دواکەوتووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە نزیك نەبووە لە ئاراستەی دەسەڵاتی پەهلەوی، لەو ڕوانگەیەوە دۆسییەی بەخشنی مۆڵەت بە ڕۆژنامەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دواکەوتووە.

**ب- سزادان و ڕاگرتنی ڕۆژنامەی (کۆهستان)**

بۆ چاودێریی کاری چاپەمەنی لە کۆتایی سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، دەزگایەك لەسەر پێشنیازی نوسەری ناسراو (عەلی دەشتی) (1897-1982ز) بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی ڕێنوێنی پۆستەی نامە- ئیدارەی راهنمای نامەنگاری) سەربە وەزارەتی ناوخۆ دامەزرا، ئەرکەکەشی چاودێریی و سانسۆری توندی چاپەمەنی و ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراو بوو. (کریمیان، 1383، ص 73)

هەروەها (ڕەزا شای پەهلەوی) دامەزراوەیەکی تایبەت بە سانسۆری دامەزراند بەناوی (پۆلیسی سیاسی)، ئەرکەکەی چاودێریی سەرجەم پەرتوك و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان بوو، بەرلە بڵاوبوونەوەیان دەپشکنران و ئەگەر مەترسی بۆسەر دەسەڵات نەبووایە، مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی پێدەبەخشرا. (أبراهیمیان، 1377، ص 126). لە سەردەمی پەهلەویی دووەمیشدا، ئەم دوو دەزگایە بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر سانسۆری توندیان دەخستەسەر بواری بڵاوکردنەوە.

ئاراستەی بابەتەکانی ڕۆژنامەی (کوهستان) بەپێی دیکۆمێنتەکانی دەزگای شارەبانی واتا پۆلیس و کارمەندانی چاودێریی دەوڵەت، لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی ئەو ستەم و سیاسەتەی پەهلەوی بۆتەوە کە لە کوردستاندا پیادەی دەکرد

پەلاماردانی سوپای ئێران بۆسەر کوردستان بەتایبەتی لە دەڤەری مەریوان تا ناوچەی هەورامان، هەوێنی بابەتێکی گرنگی ژمارە (23)ی ڕۆژنامەی (کوهستان) بوو کە لە شوێنی سەروتار و لە لاپەرە یەکدا بەناوی (اعلامیەهای ستاد ارتش قانع کننده نیست- بەیاننامەکانی ستادی سوپا قایلکەر نییە) لە ڕۆژی (2 شەممە 8ی موردادی 1324هـ.ش، 30ی تەمموزی 1945ز) بڵاوکردۆتەوە. لەتەك ئەم وتارەشدا، تەلەگرافی سەرۆك عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوانی دژ بەو لەشکرکێشی و ستدرێژییانەی سوپای ئێران لە کوردستاندا لەخۆگرتووە.

لەو وتارەدا ئاماژەی بەوەداوە کە لە بەیاننامەکانی سوپای ئێراندا، ئەو سەربازانەی لە شەڕی هۆزەکانی کورد کوژراون، شەهیدن. سەرکردەکانی سوپا بەبەکارهێنانی ئەم وشەیە، دەیانەوێ بڵێن کە شەڕمان دژی کافر کردووە. لەکاتێکدا ئێوە نەتانتوانیوە خواستەکانی کورد بە شای ئێران بگەیەنن تا شەڕی براکوژی ڕوونەدات.

لایەنێکی پۆزەتیڤی ئەم ووتارە، وێڕای بوێری و یەکلاکردنەوەی ئاراستەی کوردایەتی ڕۆژنامەکە، وروژاندنی ڕایگشتی ئێران و بەتایبەتی (تاران)ی پایتەخت بوو کە چاوەڕوانی ئاشتەواییان لە دەوڵەتی نوێی پەهلەوی دەکرد.

دەسەڵاتدارانی پەهلەویی بەپێی دیکۆمێنتەکانی ئەم توێژینەوەیە، بڕیاری سزادان و ڕاگرتنیان بەسەر ڕۆژنامەکەدا سەپاندووە، شوێنی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەش لە (تاران)، بووەمایەی کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری سزادان و ڕاگرتنی بۆ ماوەی (1) یەك مانگ.

مێژووی دیکۆمێنتەکە دەگەڕێتەوە بۆ (24ی موردادی 1324هـ.ش، 15ی ئابی 1945ز)، ئەمەش دەقەکەیەتی (روستایی و اسلامی، 1377، ص 778):

**فەرمانداریی سەربازیی تاران**
**ژمارە (/2992)**
**مێژوو: 1324/5/24هـ.ش**
**نهێنی-ڕاستەوخۆ**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

جەناب ئاغای سەرۆك وەزیر، راپۆرت- بەرێزەوە ئەوە دەخەینەڕوو: چونكە لە ژمارە (23)ی رۆژی (1324/5/8) لە رۆژنامەی (كوهستان)دا وتارێك دژی هەنگاوەكانی حكومەت بڵاوكراوەتەوە، هەربۆیە فەرمان بە بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەبانی دراوە كە بۆ ماوەی یەك مانگ ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەكە بگرن.

**فەرماندارى سەربازیى تاران**
**سەرهەنگ ستاد ئەحمەد بەهارمەست (ئیمزا)**

كاتێك سەرنج لە زنجیرەی ژمارەكانی ڕۆژنامەی (كوهستان) دەدەین، لە ژمارە (23) كە وتار و بەیاننامەكەی دژ بەلەشكركێشی دەوڵەتی پەهلەوی لەخۆگرتووە، لە ڕۆژی (2 شەممە، 8ی موردادی 1324ه.ش، 30ی تەمموزی 1945ز)دا بڵاوبۆتەوە، لە ژمارە (25)ەوە بۆ ماوەی پتر لە یەك مانگ ڕۆژنامەكە داخراوە. پاشان لە ژمارە (26)دا، لە شوێنی سەروتاریش بابەتێك بەناونیشانی (پس از توقیف-دوای ڕاگیران) بڵاوكراوەتەوە، تیایدا ئاماژەی بەوەداوە كە بەهۆی وتارەكەی ژمارە (23) كە رەخنەی لە هەڵسوكەوتی سوپای ئێران لە كوردستان گرتووە، بۆ ماوەی یەك مانگ رۆژنامەكە رووبەرووی سزای داخستن بۆتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕاستی و دروستی زانیارییەكانی ئەم دیكۆمێنتە.

**ج- چاودێریی لەسەر خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (كوهستان)**

سزادانی ڕۆژنامەی (كوهستان) پتر بووەمایەی هاندانی (د.ئیسماعیل ئەردەلان)ی خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر بۆ بڵاوكردنەوەی وتار و هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆر بۆ داكۆكی لە مافەكانی گەلی كورد.

دەزگا پۆلیسییەكانی حكومەتی پەهلەوی، لە گەرمەی سەردەمی حكومڕانی كۆماری كوردستان لە هاوینی (1946ز)دا، بڕیاری دانانی چاودێریی لەسەر چالاكییەكانی ناوبراو دەدات، بەو گومانەی كە كار بۆ كۆمەڵە (مەبەستی كۆمەڵەی ژێكافە) دەكات. ئەگەرچی ڕۆژنامەی (كوهستان) هەر لە ژمارەی یەكەمەوە بەم چەشنە پێناسی خۆی خستۆتەڕوو: (بهیچ حزب دسته یا جمعیتی بستگی ندارد- پەیوەندی بە هیچ حیزب و دەستە یا كۆمەڵەیەكەوە نییە)

مێژووی دیكۆمێنتەكە كە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان رۆژنامەی (كوهستان) و (كۆمەڵەی ژێكاف) دەدات، دەگەڕێتەوە بۆ (5ی شەهریوەری 1325ه.ش، 27ی ئابی 1946ز)، ئەمەش دەقەكەیەتی:

وەزارەتی كیشوەر
هۆبەی سیاسی
ژمارەی گشتی (6584/م)
ژمارەی تایبەتی (7990/ش)
مێژووی نوسراو: 1325/6/5

بەرێز جەنابی (ئەشرەف)ی سەرۆك وەزیر

هەروەك نیگەهبانی گشتی وڵات هەواڵی داوینەتێ: بەرێوەبەری ڕۆژنامەی كۆهستان هاتۆتە سەنقور و سەرقاڵی پروپاگەندەیە بە قازانجی حیزبی كۆمەڵە. لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ناوبراوەوە فەرمان دراوە كە چالاكییەكانی ناوبراو بخرێتەژێر چاودێری، دواتر ئەنجامەكەشی بۆ ئاگاداریی پایەبڵند دەنێردرێت.

سەرۆكی هۆبەی سیاسی (واژوو)- وەزیری كشوەر- 1325/6/5 (روستایی و اسلامی، 1377، جلد چهارم، ص 779).

لەدووتوێی ئەم دیكۆمێنتەدا، مەبەست لە (حیزبی كۆمەڵە) ئاماژەیە بۆ (كۆمەڵەی ژێكاف). بۆ پشتڕاستكردنەوەی زانیارییەكانی نێو ئەم دیكۆمێنتەش، چەندین دیكۆمێنت لەبەردەستدان كە جەخت لەسەر راستی و دروستیەكەی دەكەنەوە، هەروەك لە راپۆرتێكی نهێنی ستادی باڵای سوپادا رۆژی (15ی تیرماهی 1340هـ.ش، )دا هاتووە: د.ئیسماعیل ئەردەلان و د.عەبدولحسێن ئەردەلان لە ساڵانی (1322-1325هـ.ش، 1943-1946ز) هاریكاریی حیزبی كۆمەڵەی (ژێكاف)ی مەهابادیان كردووە، رۆژنامەی كوهستان بەسەرپەرشتی د.ئیسماعیل ئەردەلانیش داكۆكی لەم حیزبە كردووە. (مركز اسناد، 1379، ص 81)

لەم ڕوانگەیەوە، هەڵوێستی ڕووناكبیرانەی ڕۆژنامەی (كوهستان) بۆ داكۆكی لە مافەكانی گەلی كورد، فاكتەرێكی سەرەكی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان خاوەن ئیمتیازەكەی و كۆمەڵەی (ژێكاف) بووە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ڕۆژنامەی (کوهستان) وەك یەکەمین ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری (تاران) دادەنرێت، لەسەر بنەمای تاوتوێی دیکۆمێنتەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەیەکی خاوەن پەیامی ڕاستەقینەی سەنگەری بەرگریی لە مافی گەلی کورد بووە، بە خاڵێکی گەشی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت.

**بەشی دووەم: ڕادیۆی کوردی لە دیکۆمێنتە نهێنییەکاندا (ڕادیۆی تاران-بەشی کوردی بەنموونە)**

**دەستپێك: دامەزراندنی ڕادیۆ لە ئێران**

داهێنانی ڕادیۆ لە دەستپێکی هەوڵە زانستییەکانی بیرمەندان بۆ پرۆسەی پەیوەندی لە ڕێی شەپۆلە هەواییەکانەوە هاتەئارا، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، چەندین بیرمەند لە نەتەوەی جۆراوجۆر (دیارترینیان گۆلیلمۆ مارکۆنی ئیتاڵی بوو)، بۆ گواستنەوەی پەیام بۆ دوورمەودا، هەوڵێکی زۆریان لەپێناو ئەو ئامانجەدا خستەگەڕ، سەرەنجام بە داهێنانی تەلەگراف و پاشان تەلەفۆن، توانیان ئەو بەرهەمە بهێننەدی. (کرایسل، 1387، ص 26).

دەوڵەتی ئێرانیش وەك وڵاتێکی جیهانی سێیەم کە دەیویست وەك دەوڵەتێکی زلهێز لە ناوچەکەدا دەربکەوێت، هەوڵێکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی ئەو داهێنانە و خستنەگەڕی لەپێناو ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بدات. دەستپێکی ڕادیۆ لە ئێران، تەلەگرافی بێسیم بوو کە سەرەتا لەلایەن وەزارەتی جەنگ لە ساڵی (1304هـ.ش، 1924ز) هێنرایە ئێرانەوە، دەزگای بێسیمیش ساڵی (1926ز) کرایەوە و لە ساڵی (1932ز)دا گەشە بەو دامەزراوەیە درا و سەرەنجام دەزگای ڕادیۆ دامەزرا.

بەپێی بڕیارێکی فەرمی، خاوەندارێتی و دامەزراندنی ڕادیۆ تەنها مافی دەوڵەت بوو. بۆیەکەمینجار لە ساڵی (1929ز)دا، پێشنیازێك لەلایەن (داود موشە لازار)ەوە بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی ڕادیۆی ئەهلی لە ئێران پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار کراوە، بەڵام وەزارەتی (فەلاحەت و تیجارەت و فواید عام) لە ڕۆژی (24ی حوزەیرانی 1929ز)دا، داواکەی ڕەت کردۆتەوە و لە وەڵامەکەیدا هاتووە: هێنانی دەزگای تەلەگراف و تەلەفۆن... جگە لە ئیدارەی تەلەگرافی بێسیمی دەوڵەتی شاهەنشاهی، بەگشتی قەدەغەیە. (سندنامە 6، ص 5).

هێنانی ئامێری ڕادیۆ لەلایەن سەرمایەدارانی ئێرانەوە بۆ وڵاتەکە بەمەبەستی گوێگرتن لە هەواڵ و میوزیکی ڕادیۆ جیهانییەکان، زەمینەی بەخشینی مۆڵەتی فەرمی بە ڕادیۆ ڕەخساند.

ئەنجومەنی وەزیران لە ئێران، لە ڕۆژی (2ی میهری 1313هـ.ش، 24ی ئەیلولی 1934ز) بڕیارێکی دەرکرد کە مۆڵەتی دەبەخشی بە هێنانی ئامێری ڕادیۆ، کۆمەڵێك ڕێنمایی بڵاوکرایەوە کە دانانی ئەنتێن و بەکارهێنانی ڕادیۆ بەپێی وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەتی پۆستە و تەلەگراف بوو. (کاوە، 1387، ص 64)

سانسۆری توندی دەوڵەتی پەهلەویی لەسەر هەر جموجۆڵێکی میدیایی، ئامێری ڕادیۆشی گرتەوە، هەر خاوەندارێکی ڕادیۆ دەبوایە مۆڵەت لە پۆلیسی شارەبانی بۆ کڕینی ئەم ئامێرە وەربگرن، ناسنامەیەکیش بە خاوەنەکەی دەبەخشرا و تیایدا چەند مەرجێکیشی لەگەڵ بوو، بۆ نمونە لە فرۆشتن یا سپاردنی ڕادیۆ بە کەسێکیتر، دەبێ پۆلیس ئاگادار بکرێتەوە. ئەگەر ئامێری ڕادیۆکەش لەکار بکەوێت، ئەوا ڕادەستی پۆلیس بکاتەوە و جارێکیتر مۆڵەت بۆ کڕینی ڕادیۆیەکی نوێ وەربگرێت. (مؤسسە مطالعات، 20 خرداد 1396هـ.ش).

لە سەرەتادا (ڕەزا شای پەهلەوی) دژی دەزگای ڕادیۆ بوو، لە ساڵی (1927ز)دا گەشتێك بۆ وڵاتی تورکیا دەکات و لەژێرکاریگەریی ڕادیۆکانی ئەو وڵاتەدا، بڕیاری کردنەوەی ڕادیۆ لە ئێرانیش دەدات. (کاوە گیتی، 1387، ص 66)
ئامانجی ئەم پرۆژەیەش، ڕێگری لە گوێگرتن لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دژ بە ئێران بوو کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە پەخش دەکرا، دووەمیش بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی دەوڵەت بوو تا ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو وتاردان و میوزیکیانەی لە وڵاتانی دراوسێدا بڵاودەکرانەوە.

ئەم هەنگاوە بەراییانە، بووەمایەی دامەزراندنی ڕادیۆ وەك ئامرازێکی گرنگی میدیایی دەوڵەتی ئێران لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهاندا، لە سەردەمی (ڕەزا شای پەهلەوی)دا و لە ڕۆژی ساڵڕۆژی یادی تاجدانانی شاهەنشاهیی، دامەزراندنی ڕادیۆیەکی فەرمی وڵاتەکە ڕاگەیەنرا، کاتژمێر (7)ی ئێوارەی ڕۆژی (چوارشەممە، 4ی ئوردیبەهەشتی 1319هـ.ش، 24ی نیسانی 1940ز) بەداگرتنی دوگمەیەك لەلایەن وەلیعەهد (محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی)یەوە ڕادیۆی تاران کرایەوە. (کاوە گیتی، 1387، ص 66-67).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

***بەشی کوردی رادیۆی تاران لەبەر رۆشنایی دیکۆمێنتەکاندا**

لە سەرەتای دامەزراندنی رادیۆی تاراندا، ئامرازێکی گرنگی دەوڵەتی ئێران بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکانی، ئامانجەکەشی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر رایگشتی وڵات بوو لە گەرمەی ململانێکانی جەنگی دووەمی جیهاندا.
ساغکردنەوەی چۆنییەتی کردنەوەی رادیۆی کوردی تاران و ئاراستە سیاسییەکەی، بەپشتبەستن بە دیکۆمێنتە فەرمییەکان، ئامانجێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە کە بەتێگەیشتن لە فاکتەرە گرنگەکانی پشت ئەم هەنگاوە میدیاییە، بەرچاوڕوونی دەربارەی ئەو راستییە مێژووییە دەخاتەڕوو کە مەسەلەکە بەرلەوەی مافبەخشین بێ بە گەلی کورد، بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی دەوڵەتی پەهلەویی بووە.

دوو فاکتەری گرنگی سیاسی و میدیایی هانی کاربەدەستانی ئێرانیشی داوە تا بۆیەکەمینجار بەشێکی تایبەت بەزمانی کوردی لە رادیۆی تاران بکەنەوە. یەکەمیان دامەزراندنی کۆماری کوردستانە لە ساڵی (1946ز)، دووەمیان کردنەوەی سێ رادیۆی کوردییە لە چەند وڵاتێکدا کە دەوڵەتی پەهلەویی ترسی لە کاریگەرییەکانی پەیامی ئەو رادیۆیانە لەسەر رایگشتی کورد لە ئێراندا هەبووە.
بە بڕوای شارەزایانی مێژووی راگەیاندنی بیستراوی کوردی، سەرەتای دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە شاری (بەغداد)ی پایتەختی عێراقەوە دەستی پێکرد. "یەکەم رادیۆی کوردی لە (19ی تشرینی دووەمی 1939) لە بەغدا کراوەتەوە. ئێزگەی دووەم بە زمانی کوردی (رادیۆی رۆهەڵات) لە (5ی ئازاری 1941 لە بەیروت) و ئێزگەی سێیەمی کوردیش لە (ئابی 1942ز) لە یافا (فەلەستین) کراوەتەوە. ئەم سێ ئێزگە کوردییە هەروەك یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە دەرەوەی خاکی کوردستان دەستیان بە پەخش کردووە. ئەو ئێزگانە لە راستیدا ئێزگەی کوردی نەبوون، بەڵکو ئێزگەی بیانی بوون و بە زمانی کوردی وەشانیان هەبووە، ئێزگەی ئاڕاستەکراو بوون و بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسی خۆیان بۆ گوێگری کورد دامەزراون". (سەپان، 2017، سایتی K24).

بەپێی ئەم ریزبەندییە، رادیۆی کوردی لە تاران بە چوارەمین میدیای بیستراوی کوردی دادەنرێت، "لە رۆژی (4ی ئەزەری 1325هـ.ش، 25ی تشرینی دووەمی 1946ز) لە تاران دامەرزرا، لەو سەردەمەوە لەناو کوردانی دەڤەرەکە بە (رادیۆی کوردی تاران) ناسرا. لە سەرەتادا خۆی بە گوێگرانی ناوخۆ و کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ ناساند، بەپێی تێپەڕینی کاتیش کاتژمێری پەخشەکەی زیادی کرد. شوێنی پەخشی رادیۆکە بۆ ماوەی (14) ساڵ لە شاری (تاران) بوو، پاشان بۆ شاری (کرماشان) گوێزرایەوە".(کاکایی، 1390، ص 12).

بەئامانجی برەودان بە دامەزراوەی رادیۆ، لە هەنگاوێکی نوێدا فریکوێنسی بۆ سەرجەم شارە سەرەکییەکانی کوردستانیش نێردرا بەتایبەتی لە شارەکانی: کرماشان، سنە، ئیلام، ورمێ، مەهاباد، قەسری شیرین، مەریوان. هەروەها ئیستگەی رادیۆیی لە کرماشان و سنەش کرایەوە. (سازگار، 1356، ص 15-16).

لەسەربنەمای چەند دیکۆمێنتێکی فەرمی، رادیۆی تاران کە بەشێکی کەمی بۆ زمانی کوردی تەرخان کردبوو، دوای تێپەڕینی پتر لە سێ ساڵ لە ئەزموونی کارکردن، بۆیەکەمینجار بەشی کوردی لە چوارچێوەی چەندین بەرنامەدا رادیۆی تاران دەکرێتەوە.

ئەم بریارەش لە دیکۆمێنتێکی نهێنی (بەرێوەبەرایەتی پەخش و تەبلیغات)ی پەهلەویدا هاتووە، تیایدا وردەکاری ناوی رۆژنامەنووس و هەواڵنێر و بێژەر و ئامادەکارانی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی رادیۆی کوردی تارانی ئاشکرا کردووە، ئاماژەشی بە بابەتێکی گرنگ داوە و نوسراوە: لە سەرەتای دامەزراندنی رادیۆکەوە، کارمەندەکان بۆ ماوەی (4) چوار مانگ لە سەرەتای ساڵی نوێی ئێرانی (1ی فەروەردینی 1329ه.ش، 21ی ئازاری 1950ز)ەوە خۆبەخشانە کاریان کردووە. بایەخی ئەم دیکۆمێنتە، درکاندنی چەندین نەهێنییە سەبارەت بە ناوی ستاف و جۆری ئەرك و داهات و موچەیان. لە دیکۆمێنتەکەدا ئاماژەدراوە بە ناوی بەرێوەبەر و ستافی میدیایی (بێژەر، وەرگێر، بەرپرسی هەواڵ، پەیامنێر) و ستافی کارگێری (ژمێریاری و بەرێوەبردن) و ئاستی موچە و شێوازی گرێبەستەکەیان بۆ ماوەی چوار مانگی کارکردن لە بەرێوەبردنی رادیۆکەدا. ئەمەش دیکۆمێنتێکی پڕبایەخە بۆ ساغکردنەوەی یەکەمین ستافی بەشی کوردی لە رادیۆی تاران. مێژووی بەڵگەنامەکەش (3ی ئابی 1950ز)یە. (اسناد، 1379، ص 298-299).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**خشتەی یەك: یەكەمین ستافی میدیایی و كارگێری و ژمێریاری بەشی كوردی-رادیۆی تاران (1950ز)**

| ژ | ناوەكان | جۆری كار | موچەی مانگانە | موچەی (4)مانگ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عەبدولمەجید مەعریفەت | ئەندامی دەستەی نوسەرانی كوردی و بەرێوەبەری بەرپرس | 3.500 | 14.000 |
| 2 | خەلیل سەبری | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 2.500 | 10.000 |
| 3 | ئەحمەد ئەحمەدی | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 3.000 | 12.000 |
| 4 | نەسروڵڵا شەریف | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 2.500 | 10.000 |
| 5 | جەواد موعتەمەد | بێژەری كوردی | 2.000 | 8.000 |
| 6 | هۆمایۆن مەنسور | وەرگێری كوردی | 2.000 | 8.000 |
| 7 | محەمەد حەسەن قومی | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 2.500 | 10.000 |
| 8 | مەنوچەر | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 3.000 | 12.000 |
| 9 | محەمەد كەریمی | بێژەری كوردی | 1.500 | 6.000 |
| 10 | هۆشەنگ غیاوەند | بەرپرسی پێشووی بەرنامەی كوردی | 3.000 | 12.000 |
| 11 | كاتۆزیان | پەیامنێر | 3.000 | 12.000 |
| 12 | واراستە | پەیامنێر | 3.000 | 12.000 |
| 13 | پیرزادە | بەرپرسی هەواڵەكانی شەو | 2.500 | 10.000 |
| 14 | محەمەد عەلی ئەحمەدی | ئەندامی بەرێوەبردنی ژمێریاری | 2.500 | 10.000 |
| كۆی گشتی | | | | 146.000 |

دوای تێپەڕینی پتر لە دوو هەفتە لە كاركردنی كارمەندانی بەشی كوردی رادیۆی تاران، لە داخوازییەكدا (بەرێوەبەرایەتی گشتی بڵاوكردنەوە و پروپاگەندە- اداره كل انتشارات و تبلیغات)ی دەوڵەت بۆ سەرۆك وەزیرانی ئێران، داوای تەرخانكردنی بودجەیەك بۆ كارمەندانی رادیۆی كوردی تاران دەكات، مێژووی بەڵگەنامەكەش (20ی ئابی 1950)یە. لە دەقی داخوازییەكەدا ئاماژە بە دوو نهێنی گرنگ دەدا:

**یەكەم:** نەبوونی بودجەی پێویستە بۆ كارمەندانی بەشی كوردی.

**دووەم:** دركاندنی نهێنییەكە لەسەر نارەزایەتی (پارلەمانی ئێران) بۆ برینەوەی موچەی كارمەندان، تیایدا هاتووە ئەم مەجلیسە رەزامەندی لەسەر بودجە و موچەی بەشی كوردی رادیۆی تاران دەرنەبریوە. داواكارە سەرۆك وەزیران فەرمان بۆ ئەو بودجە و موچەیە دەربكات.

گەشەسەندنی بەشی كوردی، بۆتەجێی سەرنجی زیاتری بەرپرسانی دەوڵەت، لە دیكۆمێنتێكیتری فەرمیدا لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی چاپوپەخش و پروپاگەندەی ئێران)ەوە پێشنیازێك بۆ (حاجعەلی رەزمئارا)[4]ی سەرۆك وەزیرانی ئێران دەكرێت، لە

[4]- حاجعەلی رەزمئارا (1900-ئازاری 1951) سەرۆكی ستادی سوپا و دواتر سەرۆك وەزیرانی ئیران بوو لەسەردەمی دەسەڵاتی محەمەد رەزاشا، لە مزگەوتی شا لە تاران كوژرا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية ص:226-243
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناوەرۆکەکەیدا هاتووە:"بەپێی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ فەرمانداری گشتی کوردستاندا ئەنجام درا، بەڕێزەوە بە جەنابتان ڕادەگەیەنێ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپوپەخش و پروپاگەندە) لەرووی سیاسییەوە بەباشی دەزانێ کە بەرنامەی کوردی ڕادیۆی تاران لە ڕادیۆی لۆکاڵی سنەوە بە ناوی (ڕادیۆ سەنەندەج) دابمەزرێت. بودجەی ئێستای بەرنامەی کوردی بە تەواوەتی بەشی دابینکردنی بودجەکەی دەکات". (اسناد، 1379، ص 326-327).

شرۆڤەی ئەم داخوازییەش، ئاماژەیە بۆ ئامانجە سیاسی و پروپاگەندەییەکانی دەوڵەت کە پاڵنەرن بۆ سەرلەنوێ پەخشکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی تاران لە ڕادیۆی سنەوە. لەبەر گرنگی پێشنیازەکەش، ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرۆك وەزیران کراوە. ئەم کارە میدیاییەش لەژێرچاودێری و سانسۆری دەوڵەتدا ئەنجام دراوە، هەروەك لەهەمان دیکۆمێنتەکەدا هاتووە: بەپێی ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پروپاگەندەی سنە و بەرنامەکانیان، لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی فەرمانداری گشتی کوردستاندا دەبێت".

لە بەشێکیتری ئەم دیکۆمێنتەدا سەبارەت بە وەڵامی سەرۆك وەزیران و بەرپرسانیتری دەوڵەت لە کوردستاندا:"بەختی (حاجعەلی ڕەزم ئارا) لەسەر کتابەکە نوسراوە کە ڕێگر نین، مادام دەوڵەتیش پێی باشە لە کوردستاندا ناوەندێکی پروپاگەندەیی بۆ کوردەکان هەبێت، ئەگەر سنەش لەپێشترە ئەوا باشتر". مێژووی دیکۆمێنتەکەش (1329/9/12ه.ش، 3ی کانوونی یەکەمی 1950ز)ە. (اسناد، 1379، ص 327).

گرنگی ئەم پێشنیازە لە دیدی کاربەدەستانی دەوڵەتەوە، پرۆسەی دەربڕینی ڕەزامەندییەکەی خێراتر کردووە، بەپێی دیکۆمێنتی ژمارە (26890) لە (1329/9/13ه.ش، 4ی کانوونی یەکەمی 1950ز)دا وەڵامەکەی لەلایەن (غەزنەفەری)ی سەرۆکی گشتی نوسینگەی سەرۆك وەزیران بەمجۆرە دراوەتەوە: بڕیار بفەرموون لەم بارەیەوە هەنگاوی پێویست بنێن، مادام دەوڵەت پێی باشە کە لە کوردستاندا ناوەندێکی پروپاگەندەیی بۆ کوردەکان هەبێت، ئەگەر سنەش لەپێشترە ئەوا باشتر". (اسناد، 1379، ص 327).

تاوتوێی ئەم دیکۆمێنتە نهێنی و فەرمییانەی حکومڕانی پەهلەویی دووەم دەربارەی ئامانج و چۆنییەتی کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی تاران، کۆمەڵێك ڕاستی مێژوویی دەردەخات لەبارەی یەکەمین ئەزموونی میدیای بیستراوی کوردی لە ئێراندا، دیارترینیان بریتین لە:

- لەسەر بەرزترین ئاستی حکومی واتا سەرۆك وەزیر، بڕیار لەسەر کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی تاران دراوە.
- بەرنامە و بابەتەکانیتری، لەژێر کۆنترۆڵ و سانسۆری ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا بووە.
- ئامانجە سەرەکییەکەی ڕادیۆکە، پروپاگەندە بووە بۆ دەوڵەت.
- خۆتەرخانکردنی کۆمەڵێك میدیاکار بەشێوەی ستاف بۆ بەڕێوەبردنی ڕادیۆی کوردی، بۆ ماوەی چەندین مانگیش بەخۆبەخش کاریان تیادا کردووە.

بنکۆڵکاریی ئەم دیکۆمێنتانە دەربارەی دامەزراندن و پەخش و شێوازی کاری ڕادیۆی کوردی لە تاران، دەریدەخات کە وێڕای ئامانجی پروپاگەندەیی دەوڵەتی پەهلەویی لە دامەزراندنی ئەم ڕادیۆیە، خزمەتەکانی بە ئەدەب و هونەری کوردی، بەئەرشفێکی دەوڵەمەند بۆ مێژووی میدیای کوردی دادەنرێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
ص: 226-243
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا، دوای تاوتوێی هەردوو نمونەی میدیای کوردی (ڕۆژنامەی کوهستان، ڕادیۆی کوردی لە تاران)، گەیشتینە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ کە بریتین لە:

- ڕۆژنامەی (کوهستان) بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی-فارسی دادەنرێت کە لەلایەن ڕووناکبیرێکی ئەکادیمی و ناسراوی کورد لە شاری (تاران)ی پایتەختی ئێران بڵاوکراوەتەوە.
- ڕۆژنامەی کوهستان (بەپێی دیکۆمێنتە فەرمییە نهێنییەکان)، بەهۆی ئینتیمای کوردایەتی سەرنوسەرەکەی (د.ئیسماعیل ئەردەلان)، دوای هەوڵدان و چاودێرییەکی توند، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دراوەتێ.
- ڕۆژنامەکە سەرچاوەیەکی گرنگی ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستانی بووە لە گەرمەی ئاڵوگۆڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەجۆرێك ئەمڕۆ بۆتە دیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لە سەرەتای حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا.
- بەپێی دیکۆمێنتەکان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی (کوهستان) لەژێرچاودێری توندی دەزگای هەواڵگریی ساواکدا بووە بەگومانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف.
- ڕەخنە لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکانی دەوڵەتی پەهلەویی لەهەمبەر کوردستان، لە خەسڵەتە دیارەکانی ڕۆژنامەی (کوهستان) بووە، بەپێی دیکۆمێنتە نهێنییەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕۆژنامەکە بەهۆی وتارێکی ڕەخنەییەوە بۆ ماوەی مانگێك سزای داخستنی بەسەردا سەپێنراوە.
- ڕادیۆی تاران، لە سەرەتادا ماوەیەکی کورتی بۆ زمانی کوردی تەرخان کردووە بەمەبەستی ناردنی پەیامە سیاسییەکانی دەوڵەتی پەهلەویی بۆ ڕایگشتی کورد.
- بەیەکەمین ڕادیۆی کوردی لە شاری تاران دادەنرێت، بەپشتیوانی خۆبەخشانەی کۆمەڵێك ڕووناکبیر و نووسەر دامەزراوە و بەرنامەکانی پێشکەش کردووە، پاشان بوونەتە موچەخۆری فەرمی دەوڵەتی پەهلەویی.
- پەیامەکانی ڕادیۆکە بۆ خزمەتی سیاسەتی دەوڵەتی پەهلەویی بووە، سانسۆری توند لەسەر بەرنامەکانی دانراوە.
- بەمەبەستی خزمەت بە سیاسەتی پەهلەویی، لە پارێزگاکانیتری کوردستانیش بەرنامەکانی پەخش کراوە.
- وێڕای ئامانجە سیاسییەکانی، کۆمەڵێك ڕووناکبیری کورد دەرفەتەکەیان قۆزتۆتەوە بۆ خزمەت بە ئەدەب و هونەر و کلتوری کوردی.

**پێشنیاز و ڕاسپاردە**

- ئەنجامدانی توێژینەوە بەسەر کۆی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوهستان) بە میتۆدەکانیتری توێژینەوە، بەتایبەتی میتۆدی ناخشیکاری، تا سەرجەم ڕەهەندەکانی ڕۆژنامەکە تاوتوێ بکرێت.
- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەرشیفی ڕادیۆی کوردی لە تاران، بەئامانجی شرۆڤەکردنی سەرجەم بەرنامەکانی و خستنەڕووی لایەنە پۆزەتیف و نیگەتیڤەکانی. تاوتوێی هەواڵ و زانیارییەکانی کە لەو سەردەمەدا پەخشکراون، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مێژوویە بۆ قۆناغێکی هەستیاری کوردی کە کۆماری کوردستانی تیادا دامەزراوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

1- محەمەد، کارزان: رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی (کوردستان-ئێران)، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2021، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك).

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**دیکۆمێنت:**

1-رادیو در ایران، اسناد راه اندازی و تأسیس رادیو، سندنامه 6، سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران.
2- مرکز اسناد: جبهه ملی به روایت اسناد ساواک، انتشارات مرکز بررسی اسناد تاریخی، چاپ اول، ۱۳۷۹.

**کتێب:**

1- آبراهامیان، یرواند: ایران بین دو انقلاب، چاپ اول 1377.
2- رسول اف، رامین: نخستین های تاریخ روزنامەنگاری ایران، ، چاپ اول، تهران، انتشارات جامعەشناسان، 1389.
3- سازگار،ي ژيلا: کارنامه‌ای از رادیو و تلویزیون ملی ایران تا پایان سال 2535، انتشارات رادیو تلویزیون ملی ایران، چاپ اول، 1356.
4- صدیق صالح و رفیق صالح: نامه هفتگی کوهستان، با مقدمه عبدالله مردوخ، بنکەی ژین، 2010.
5- فليك، اووه: درآمدی بر تحقیق کیفی، مترجم: هادی جلیلی، 1392، نشر نی.
6- قاسمی، سید فرید: راهنمای مطبوعات ایران عصر قاجار، تهران، انتشارات مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها، 1372ش.
7- قاسمی، سید فرید: سیر تاریخی مجموعه قوانین مطبوعا تی، نشر امرود، چاپ نخست 1388.
8- کرايسل، اندرو: درک رادیو. ترجمۀ معصومه عصام، 1387، تهران: دفتر پژوهش‌های رادیو.
9- محسن روستايي- غلامرضا سلامی: اسناد مطبوعات ایران (1320-1332)، جلد چهارم، سازمان اسناد ملی ایران، 1377.
10-هادی خانیکی و دیگران: اسنادی از تاریخچه رادیو در ایران (1318-1345هـ.ش)، تهیه و تنظیم اداره کل أرشیو، 1379، چاپ اول.

**گۆڤار و ڕۆژنامە:**

1- قويدل، سیده صدیقه : بررسی علل توقیف مطبوعات در ایران مطالعه تاریخی دوره پهلوی دوم: از شهریور 1320 تا بهمن 1357، دانشگاه علامه طباطبایی - پژوهشکده علوم اجتماعی، 1390.
2- کاکایی، سیامك: رادیو کردی صدایی 65 ساله، روزنامه جام جم، 3 اردیبهشت ۱۳۹۰، ضمیمه قاب کوچك.
3- کاوه، گیتی: اجمالی بر تاریخچه رادیو در ایران (1319-1387)، کتاب ماه علوم اجتماعی، شماره 8، ابان 1387.
4- کریمیان، علی: اداره راهنمای مطبوعات یا نظارت بر سانسور مطبوعات در عصر رضا شاه، مجله گنجینه اسناد، پاییز 1383، دوره 14، شماره 3.
5- کوهستانی نژاد، مسعود : مطبوعات ایران در دوره اشغال (1325 - 1320) قسمت اول، مجله رسانه، تابستان 1371 شماره 10.
6- کیان فر، جمشید: مطبوعات دولتی ایران در عصر قاجار، مجله پیام بهارستان، س 1، ش 3، بهار 1388.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

**- کوردی:**

1- سەپان، د.مەغدید: دەربارەی: ڕادیۆ و ڕادیۆ کوردییەکان، 28/06/2017، سایتی(K24) https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/38270

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 226-243

**- فارسی:**

1-مجوز در اختیار داشتن رادیو در دوره رضاشاه، سایت مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، 20 خرداد 1396: https://psri.ir/?id=qy2zc4l2

**سەرچاوە ئینگلزییەکان:**

1-Bullard, Sir Reader(1961). The camel must go, 1961, Faber & Faber.

2-R. M. Burrell, ed., Iran Political Diaries 1881-1965, vol. 11 (Cambridge: Archive Editions, 1997.

**پاشکۆکان:**


صاحب امتیاز و مدیر مسئول دکتر اسمعیل اردلان.

نامهٔ تنفگی کوهستان

بهیچ حزب دسته یاجمعیتی بستگی ندارد

سال اول – شماره ۲۳ ۲شنبه ۸ مرداد ماه ۱۳۲۴ تکشماره ۴ ریال

اعلامیه‌های ستاد ارتش قانع کننده نیست

به پیشگاه ملت حقیقت باید عرضه داشت

تلگراف رؤسای عشایر اورامان و مریوان

مگر ایران گلستان خواهد شد

**دیکۆمێنتی یەکەم**

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە (23)، بەهۆی بڵاوبوونەوەی وتاری (اعلامیەهای ستاد ارتش قانع کننده نیست)، ڕۆژنامەکە بۆ ماوەی یەك مانگ داخرا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 226-243

## مکاتبهٔ ادارهٔ حسابداری با کفیل ادارهٔ انتشارات و تبلیغات (ابراهیم سپهری) دربارهٔ عناوین صورت اسامی تهیه کنندگان برنامهٔ کردی و میزان حقوق معوقهٔ آنها، به انضمام مکاتبات صورت گرفته در این زمینه

ادارهٔ کل انتشارات و تبلیغات

تاریخ: ۱۳۲۹/۵/۱۲

آقای سپهری کفیل محترم ادارهٔ کل انتشارات و تبلیغات
صورت اسامی گویندگان و تنظیم کنندگان گفتار برنامه کردی و مخبرین که از اول فروردین سال ۱۳۲۹ انجام وظیفه نموده و حقوق تعیینی نامبردگان که جناب آقای شاهرخ قبلاً صورت داده بودند ماهیانه و جمعاً برای چهار ماه سال ۲۹ به استثنای سه ماههٔ قبل از فروردین که از دریافت حقوق معوقه صرف‌نظر نموده‌اند به شرح زیر می‌باشد که بایستی ترتیب پرداخت حقوق آنان داده شود:

| | | حقوق ماهیانه | جمع چهار ماهه |
|---|---|---|---|
| ۱-آقای عبدالمجید معرفت | عضویت تحریریهٔ کردی ودبیرمسئول | ۳۵۰۰ | ۱۴۰۰۰ |
| ۲- « خلیل صبری | عضویت تحریریهٔ کردی | ۲۵۰۰ | ۱۰۰۰۰ |
| ۳- « احمد احمدی | عضو ادارهٔ حسابداری | ۳۰۰۰ | ۱۲۰۰۰ |
| ۴- « نصرالله شریف | عضو ادارهٔ حسابداری | ۲۵۰۰ | ۱۰۰۰۰ |
| ۵- « جواد معتمد | گویندهٔ کردی | ۲۰۰۰ | ۸۰۰۰ |
| ۶- « همایون منصور | مترجم کردی | ۲۰۰۰ | ۸۰۰۰ |
| ۷- « محمدحسن قمی | عضو ادارهٔ حسابداری | ۲۵۰۰ | ۱۰۰۰۰ |
| ۸- « منوچهر | عضو ادارهٔ حسابداری | ۳۰۰۰ | ۱۲۰۰۰ |
| ۹- « محمد کریمی | گویندهٔ کردی | ۱۵۰۰ | ۶۰۰۰ |
| ۱۰- « هوشنگ غیائوند | متصدی سابق برنامهٔ کردی | ۳۰۰۰ | ۱۲۰۰۰ |
| ۱۱- « کاتوزیان | خبرنگار | ۳۰۰۰ | ۱۲۰۰۰ |
| ۱۲- « واراسته | خبرنگار | ۳۰۰۰ | ۱۲۰۰۰ |
| ۱۳- « پیرزاده | متصدی اخبار شب | ۲۵۰۰ | ۱۰۰۰۰ |
| ۱۴- « محمدعلی احمدی | عضو اداره حسابداری | ۲۵۰۰ | ۱۰۰۰۰ |
| | | جمع کل | ۱۴۶۰۰۰ |

رئیس ادارهٔ کل حسابداری کل انتشارات و تبلیغات – دادجو

**دیکۆمێنتی دووەم**

-یەکەمین ستافی رادیۆی کوردی لە تاران.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

محرمانه

اداره دوم

دایره ـــ د ۸ الف ع

کشور ـــ لبنان

موضوع ـــ

عطف ـــ

منبع ـــ

تقویم ـــ مهم

ستاد بزرگ ارتشتاران

اداره دوم

اطلاعیه

تاریخ ۱۸ / ۴ / ۵۰

شماره ـــ ۹۵۹۴

تاریخ وقوع ـــ

تاریخ وصول خبر ـــ [illegible]

تاریخ گزارش ـــ ۵۰/۴/۱۵

اخیراً اطلاع حاصل شده که کمیته کردستان جبهه ملی با ملامصطفی بارزانی ارتباط برقرار و انتشار داده‌اند که برنامه رادیو [illegible]
ایران به تقاضای این کمیته دائر شده است این کمیته مرتباً در منزل دکتر عبدالحسین اردلان و سایر اعضا تشکیل میشود و از
طریق مهاباد با مصطفی بارزانی تماس دارند · کمیته کردستان در سال ۱۳۳۱ هم تشکیل شده بود و عضویت آن را دکتر سنجابی، دکتر
عبدالحسین اردلان استاندار کرمانشاه، ناصرقلی اردلان استاندار کل آذربایجان شرقی و غربی دکتر اسماعیل اردلان معاون
وزارت کشاورزی و رئیس کل اداره دامپزشکی که درزمان دکتر مصدق مشاغل بالا را عهده‌دار بودند تشکیل میدادند ·

نظریه

دکتر اسماعیل اردلان و دکتر عبدالحسین اردلان از سال ۲۴ تا ۲۵ با حزب کومله (ژ ـ ک) مهاباد همکاری داشتند و روزنامه
کوهستان بمدیریت دکتر اسماعیل اردلان نیز از این حزب دفاع میکرد دکتر اسماعیل اردلان در سال ۲۴ کاندید سفارت کردستان آزاد
ایران شده بود و همچنین در سال ۱۰ پس از سقوط [illegible] هنگامیکه مصطفی بارزانی و یارانش از طرف ستاد ارتش به تهران
دعوت شدند دکتر اسماعیل اردلان ملامصطفی را ملاقات و ضمن تماس با او کتابی بنام (اسرار بارزان) منتشر و در آن جنگهای بارزانی
با حکومت عراق تشریح نمود ·

گیرنده

سر ـ سازمان اطلاعات و امنیت کشور

محرمانه

**دیكۆمێنتی سێیەم**

ڕاپۆرتێکی نهێنی سوپا لەبارەی هەڵوێستی سیاسی (د.ئیسماعیل ئەردەلان)، تیایدا هاتووە کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ژێکافەوە هەبووە، ڕۆژنامەی (کوهستان)یش داکۆکی لە کۆمەڵەی (ژێکاف) کردووە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.11
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)